سوپای ئیسرائیل کوژرانی دوو ئەندامی خۆی ڕاگەیاند لە پێکدادانێکانی کەرتی غەززە

سوپای ئیسرائیل ڕۆژی چوارشەممە (6ـی کانونی یەکەمی 2023) کوژرانی دوو ئەندامی خۆی ڕاگەیاند، کە یەکێکیان لە شەڕکدا لە کەرتی غەززە کوژرا، بەمەش ژمارەی کوژراوانی سوپای ئیسرائیل لە 7ـی مانگی 10ەوە گەیشتە 410 کەس.

ئەو دوو سەربازەی کە خێزانەکەیان ئاگادارکراونەتەوە لە کوژرانیان، یەکەمیان ئەفسەری سوپا جەناسان ماکا تەمەن 23 ساڵ دانیشتوی بیرشبا بوو.

دووەم کوژراو، کۆلۆنێل یەچای گەر هیرشبەرگ تەمەن 52 ساڵ بوو دانیشتوی هاڤات ڤلیپ، فەرماندەی یەکەی کەسانی ونبوو کە لە ڕووداوەکی ئەتەمبێلی سەربازیدا لە باشووری ئیسرائیل کوژرا.